www.kurdistannet.org
28-2-2007 21:25 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تۆش ڕۆیشتی. . . کانی هەڵەبجەیی

تۆ واتزانی دونیا هەموی لە ژێر دەستە
تۆی خاوەنی
ئاسمان پەڵە هەورێکی ساوایەو
تۆی ڕاژەنی
بەڵام نازانم. . . . من لات چی بوم؟
شازادەکەت؟ نا نا دڵم
تۆ تەنانەت منیشت بە کۆیلەیەك دەزانی
بەڵێنت دا بو نەمگرێنی
هەرگیز بە گری عەشق نەمسوتێنی
تۆ بۆخۆت بەڵێنت دا پێم
ڕابوردوشم هەڵوەرێنی
بەڵام داخم
زۆر زو لە خەمەکانم بێزار بوی
بەرگەت نەگرت
هەر لە خۆرا جێتهێشتم و
لەلام ون بوی
ئەی تۆ نەبوی پێت ئەوتم
بۆ ژیانت ئەبم بە نور؟
هەر خۆت نەبوی پەیمانت دا
لە پێناوی پێگەشتنم
ملی ئەر ڕێگا نادیارە بگری
گەرچی نزیکیش بێ یان دور
تۆ نەبوی وتت لە پێناوی پێگەشتنت
ڕۆحم فیداتە، گوێ نادەمە سنور؟
هێێێێی ئازیزم
من هەستم ئەکرد ئەم بەڵێنانە
گشتیان درۆن
خەمێکی دین بۆ تەمەنم و
بۆ ئازاردانم چرۆن
نوسیت ئەڕۆم
چاوەڕێت نەکرد بنوسم
بۆ کوێ؟
نەتهێشت بپرسم، بۆ ڕۆژانە تۆ دەیان جار
ئەتوت گیانە تۆم خۆش ئەوێ. . .
نەوەستای تا بپرسم ئێستا لە بری من
بە کێ ئەڵێی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 28-2-2007 21:25

خۆشم ئەوێی
كێیە ئەو نەگبەتەی
یاری بە هەستی ئەكەی
هیچت پێ ناڵێم لەمە زیاتر
تۆ وتت خۆشم ئەوێی وەكو دایە
بەڵام خۆزگە ئەمزانی...
دڵێك بەرامبەر وشەی دایە بێ وەفا بێ
ئاخۆ جگە لە سەرپۆشێكی ڕەش
چی دی تیایە؟؟؟

هۆڵندا
Kani_awin@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.